هەرێمی کوردســـتان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیـران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الـوزراء

بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران

ژمارە (٣) لە ٢٠١٩/٧/١٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی ئاسـایی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (١) لە ٢٠١٩/٧/١٥، بڕیاردرا بە:

١. دەبێت سەرجەم وەزیرەکان و سەرۆکی دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەرنامەی کاریان ئامادە بکەن بۆ (٤) چوار ساڵی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەکە کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١٠ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە خرایەڕوو بۆ پەرلەمانی کوردستان (*وێنەیەکی هێڵە گشتییەکان هاوپێچی ئەم بڕیارەیە*).

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژی کار لە ڕۆژی ٢٠١٩/٨/١ دەست پێدەکات.

٣. پێویستە پێش تەواوبوونی ماوەی دەستنیشانکراو لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە ڕەشنووسی بەرنامەی کار ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بە مەبەستی گفتوگۆکردن و بڕیاری کۆتایی کە تیایدا ئامانج و پلان و سیاسەتی گشتی و میکانیزمی جێبەجێکردن و ماوە و پێداویستی جێبەجێکردنیان بخرێتەڕوو بەپێی ئەو نموونەیەی کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران